چیرۆک

# ئەوگەنجەی کۆتایی بەژیانی خۆی هێناو شیرازەی خێزانێکیشی تێکدا

زۆرن ئـــەو کوڕانەی هەمیشـــە دەیانەوێـــت شـــیرازەی خێزانان بەهەڵخەڵەتانـــدن و فریودانـــی کچان تێك بدەن، بەڵام تائێستاش کەسانی ئێمەش هێندە هۆشیار نین لەئاســـت هەوڵە بێ ئاکامەکانی ئەو جـــۆرە کوڕانە راوەســـتنەوە، ئەوانـــە بـــێ ئەوەی بیـــر لەدوا رۆژی خۆیان بکەنەوە سەرشێتانە دەکەونـــە هەڵخەڵەتاندنی کچان، بـــەڵام لەدوا جاریشـــدا خۆی و کەسانی بێ تاوان دەکەنە قوربانی و رووداوەکان بە کارەساتی گەورە و تراژیدیا کۆتایی پێدێت.

خوێنەری خۆشەویســـت ئەوەی لەم چیرۆکەدا دەیخوێنیتەوە رووداوێکی راستەقینەیە کە بریتییە لەوەی کە چۆن گەنجێك بەقســـەی خۆش و بەناوی هاوسەرگیری کاری بۆ هەڵخەڵەتاندنی هەندێ لە کچان دەکرد، بـــەڵام لـــەدوا جار جگە لەوەی ژیانی چەنـــد ماڵباتێك تێك دەدات، بۆ دواجار خـــۆی ماڵئاوایی لەژیان دەکات.

**دەستپێکی چیرۆك**

کـــەژاڵ ناوی خوازراوی کچێکی تەمەن ١٩ ســـاڵانە بوو، ئەو قوتابـــی قۆناغی ئامادەیی بووە لەهەولێر ســـەرەداوی رووداوەکەی بەم شێوەیە بۆ گوڵان خستەروو، رۆژانە لەکاتی چوونم بۆ قوتابخانە وریا رێگەی پێدەگرتم و بەناوی خۆشەویســـتی داوای هاوسەرگیریشی دەکرد، وریا هەمیشە دووپاتی لەوە دەکردەوە کە ئەو تەنیا مەبەستی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیرییە لەگەڵ ئەودا، بۆیە هەر دەبێ رازی بم تا پەیوەندیی خۆشەویستی لەگەڵدا ببەستم.

**سەرەتاییەکی تاڵ**

کەژاڵ ســـاتێك قســـەی بۆ ئێمە دەکرد،چاوەکانی پڕ لەفرمێســـك بوون و ئاخی هەڵدەکێشـــا بەوەی چۆن چارەنووسی بەدەســـتی خۆی ڕەش کردووەو ژیانی هاوسەرگیری دوو خوشکی خۆشی تێکدا، بەردەوامی بەقسەکانیدا و گوتی: پاش زیاتر لە سێ مانگ رۆژانە وریا رێگەی چوونی قوتابخانەی لێدەگرتم، منیش وتم دیارە ئەو بە راســـتییەتی کە دەیەوێ بمهێنێت بۆیە دوو خوشـــکی لەخۆم بەتەمەنتر کە هەر دووکیان شوویان کردووەو لەماڵی خۆیانن لەم مەسەلەیە ئاگادارم کردنەوە، چونکە نەمدەویست بێ ئاگاداریی ئەوان هیچ هەنگاوێك بهاوێژم و نەشمدەوێرا بە برایەکانم بڵێم.

لێرەوە ژیانی تاڵی من دەستی پێکرد.

هەروەها گوتی: پاش زیاتر لە دوو مانگ هەر دوو خوشکەکانم رازی بوون لەماڵی یەکێکیان وریا ببینن و بۆ ئەوەی ئەگەر بزانن بەکردەوە منی خۆش دەوێت تا بێتە خوازبێنیم، دوای دەســـت نیشـــانکردنی ســـاتەکە، رۆژێك وریا لەماڵی یەکێك لەخوشکەکانم بینی، خوشـــکەکانم وتیان یان دەبێت واز لە کەژاڵ بهێنێت یان دەبێ بێیتە خوازبێنی، بۆیە ساتێك ئەو پرسیارە لەوریا کراو بۆی روون بووەوە پەیوەندیی خۆشەویستی نابەستم و ئەگەر منی دەوێت دەبێ بێتە خوازبێنیم، لەو ساتەوە هەوڵ دەدات خۆی لەپرسی پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری بدزێتەوەو ئێمەشی ناچار دەکرد بەوەی گوایە هاتۆتە لامان و نهێنی ئێمەی لایە دەیگوت وازی لێ ناهێنم.

**کار لەکارترازا**

کەژاڵ هەمیشە دووپاتی لەوە دەکردەوە کە نە خۆی و نەك خوشکەکانیشی هەڵسوکەوتەکانی وریایان بەدڵ نەبوو بەڵام رۆژگار ناچاری کردبووین بەیەك بگەین، ئەو کەســـێك هەمیشـــە شەڕانگێز دیار بوو بەئاسانیش دەستبەداری من نەدەبوو، ناوبراو درێژەی پێداو وتی: بۆ دواجار پاش ئەوەی بۆ من و خوشکەکانیشـــم روون بۆوە کە وریا کەسێکی درۆزنە لەماڵ دەرمانکرد تا کار گەیشـــتە ئەوەی هەر دوو مێردی خوشکەکانم و برایەکیشم بەرووداوەکە بزانن، وریا تا داهات کێشـــەکەی گەورەتر دەکرد و وازیشـــی لەمن نەدەهێنا، پێی دەگوتم بکوژرێم وازت لێ ناهێنم تا ئەوکاتەی رۆژێك زاواو برایەکەم زۆریان لێدا.

**کۆتاییەکی مەرگەسات**

ئـــەو کچە قوتابییە لەرووی دەروونییەوە لەبارێکـــی خراپدابوو، ئەو دەیگوت ماڵی خۆم وخوشکەکانیشـــم تێکدا و پاش چەند جارێك شەڕو پێکدادان وریا بەوەش نەوەستا لای خەڵکی گەڕەك پڕۆپاگەندەی ئەوەی دەکرد کە لەماڵی خوشـــکەکانم منی بینیوە و زاوایەکانیشم قسەیان نەکردووە، چونکە هەردوو مێردی خوشکەکانم بەوەیان نەدەزانی، ئەمەش کاریگەریی خراپی هەبوو لەســـەر ناوزڕاندنی ماڵباتی خوشکەکانم، بۆیە وەك تۆڵەســـەندنەوەیەك ئەو دوو برایە هەر دوو خوشکەکانم تەڵاقدا و لەناو یەکێك لەبازاڕەکانی هەولێریش وریایان کوشـــت، ئێســـتاکەش خوشکەکانم تەڵاقدران و منیش لەخوێندن و ژیانیش دابڕام و وریاش بۆ دواجار بووە قوربانی هەڵەکانی ژیانی خۆی.



چیرۆک

# وەفای بیست ساڵی
# ئافرەتێک بە تەڵاقدان کۆتایی هات

ئەو ئافرەتێکی باڵا مامناوەندی و رەنگ ڕەش ئەسمەر بوو، هەمیشە لەکاتی لێکۆڵینەوەی پۆلیس ئاماژەی بۆ ئەوە دەکرد ئەو کاتێك شووی کردووە هەموو خولیاو و ئارەزووەکانی ئەوە بووە لەگەڵ هاوسەرەکەی ژیانێکی ئاسایی و خۆش ببەنەسەر، بەڵام هیچ کاتێك بیری بۆ ئەوە نەچووە ژنی بەسەر بێت و پاش ئەوەی باری تەندروستی تێك دەچێت، دوای زیاتر لە ٢٠ ساڵ هاوسەرگیری لەبری چارەسەرکردن، مێردەکەی پێی دەڵێت تۆ نەخۆشیت و ئیدی تۆم ناوێت.


ئەمە چیرۆکی ڕووداوێکی ڕاستەقینەیەو ڕوویداوە بەوەی پیاوێك لەگەڵ ژنی دووەمی ڕێکبکەوێت ئازاری دەروونی ژنی گەورەی بدات کە دەبێ ئەو ئافرەتە بەناچاری لەسەر خوانی هەوێیەکەی خۆی دابنیشێت، بێ ئەوەی بۆی هەبێت پاروویەك لەچێشتی ژنی دووەم بخوات، دوای زیاتر لە ٢٠ساڵ هاوسەرگیری لەگەڵ فەتاح، سۆزان سکاڵا لەدژی مێردەکەی تۆمار دەکات،بەس بۆ ئەوەی تەڵاقی نەدات و لەهەمان کاتیش سکاڵای لەدژی هەوێیەکەی تۆمار کرد لەبەر ئەوەی هۆکاری تێکچوونی پەیوەندیی نێوان فەتاح و سۆزانە، سۆزان لەکاتی لێکۆڵینەوەدا بۆ پۆلیسی ئاشکرا دەکات بەوەی ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵە شووی بەفەتاح کردووە، تا ٣ ساڵ بەر لەئێستا هیچ گرفتێکیان نەبووە، بەڵام لەدوای ژن بەسەر هێنانی فەتاح لەگەڵ حەلیمەی ژنی دووەمی نێوانی باش دەکات و دەست بەدژایەتی کردنی ئەو دەکات.

وەك سۆزان باسی دەکات بەم دواییە بۆم دەرکەوتووە کە هەر لەسەرەتای پێکهێنانی ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵیدا، فەتاح لەگەڵی ڕاستگۆ نەبووەو هیچ کاتێکیش خۆشی نەویستووە، من هێندە خۆش باوەڕ بووم بە فەتاح تا ئێستا منداڵمان نەبووە، فەتاح خۆی ڕێگەی نەدەدا منداڵمان ببێت، کەچی دەیگوت تۆ منداڵت نابێت و کێشەت هەیە منیش باوەڕم پێی دەکرد، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە فەتاح هیچ کاتێك منی خۆش نەویستووەو بەنیازی ئەوە بووە تەڵاقم بدات.

لەدرێژەی قسەکانیدا سۆزان لەبەردەم ئەفسەری پۆلیسدا دەیگوت: هەموو کات لەژیاندا بەئومێدەوە لێم ڕوانیوە و بەحەز و ئارەزوویەکی زۆرەوە شووم کردەوەو هەموو ئاواتێکم ئەوە بووە لەگەڵ هاوسەرکەم ژیانی خۆش و ئاسایی دوور لەئاریشە ببەمە سەر، کەچی ئێستا هەموو بیرکردنەوەکانم خەیاڵ بوون و پێچەوانە بۆوە.من باوك و دایك و براو خوشکم نییە تا بچمەوە لایان و نەخۆشم، بەڵام نەخۆشییەکەشم هێندە خراپ نییە نەتوانم خزمەتی خۆم بکەم، کەچی فەتاح لەبری ئەوەی زیاتر کە ٢٠ ساڵە بەیەکەوەین چارەسەرم بکات پێم دەڵێت تۆ نەخۆشیت و من تۆم ناوێت، ئەو هەمیشە ئازاری دەروونیم دەدات، من لەژوورێکی نهۆمی دووەمی خانووەکەم دەژیم و هەوێکەشم لەنهۆمی خوارەوەیە،هەر بۆ خۆشم خواردن ئامادە دەکەم.

سۆزان ئەوەش دەخاتەروو کە ئەو ئێستا هیچ شوێنێك شك نابات تێیدا بژی، بۆیە داوا لەدادوەر دەکات فەتاح تەڵاقی نەدات و بگەڕێتەوە لای، بەهەموو ئازارو ژیانێکی لەگەڵ فەتاح ڕازییە. ئێستاکە سۆزان لەچاوەڕوانی دوا بڕیاری دادوەرە بەوەی بۆ دواجار سۆزان دەگەڕێنێتەوە لای فەتاح یان ئەو هەر سوورە لەسەر تەڵاقدانی و بۆدواجار نائومێدی دەکات.






**د. ئازاد مورادیان بۆ گوڵان:**

# تا ڕێژەی ژنان لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا کەم بێت، توندوتیژی بەرامبەر بە ژن زۆر دەبێت

**د.ئازاد مورادیان، پزیشکی دەروونناس و پسپۆڕی کێشەی خێزانی و ئەندامی فەرمی ڕێکخراوی دەروونناسانی خێزان لە ئەمریکا، لەهەڤپەیڤینێکیدا لەگەڵ (گوڵان)دا تیشک دەخاتە سەر کۆسپەکانی بەردەم دەستەبەرکردنی مافی یەکسانیی ژن و پیاو لە کۆمەڵگەی کوردیدا و هاوکات چەندین ڕێکاری زانستی بۆ بنبڕکردنی دیاردەی توندوتیژیی خێزانی دەخاتەڕوو.**

**گوڵان: کۆسپەکانی بەردەم دەستەبەرکردنی مافی یەکسانیی ژن و پیاو بەگشتی لە کۆمەڵگەی کوردیدا چین؟**

د. ئازاد مورادیان: نەك لە کۆمەڵگەی کوردی، بەڵکو لە گشت کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەمێژووی کۆنەوە تا هەنووکە، ئەو بوارە زۆر ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە، دەسەڵاتی پیاوسالاری بە هۆی کارامەیی جەستەیی پیاوان لە بەربەرەکانێی سروشتدا جێگیرکرا و بێ خواستی ژنان بەسەریاندا سەپێندراوە، بە هاتنی ئایینەکانیش پیاوان وەك یاسایەکی نافۆرمی دەستیان بەسەر نەریتە ئایینی و کەلتوورییەکاندا گرت و بە درێژایی مێژوو توانییان نیوەی کۆمەڵگە لە بەرژەوندیی خۆیاندا بچەوسێننەوە. مەبەستم لەم دەستپێکە ئەوەیە کە پێویستە بزانین گۆڕانکاری لە ژیانی ژنان و یەکسانکردنی مافەکانیان لەگەڵ پیاو بەتایبەتی لە وڵاتانی گەشەنەکردوودا کارێکی ئاسان و ئاسایی نییە، ئەوە پێویستی بەدەیان ساڵ کار و پلانی بەردەوامی هۆشیارکردنەوە هەیە، چونکە پێویستی بە گۆڕانکاری لە ژێرخانە بنەڕەتییەکانی ئایین و کەلتوور هەیە. تەمەنی نەریت، ئایین و کەلتووریش پتر لە سەدان ساڵە، هەربەو هۆیەوە، بەبێ کارو پلانی فرەلایەن، زۆر دژوارە کە لە ماوەیەکی کورتدا گۆڕانکارییەکی زۆری بەسەردا بێت، بەڵام بە کەڵك وەرگرتن لەیاسا، دەکرێت تا ڕادەیەکی زۆر نادادپەروەرییەکان کەم بکرێتەوە، واتە یاسا دەتوانێت مانایەکی نوێ بۆ هەڵسوکەوتی نێوان ژن و پیاو بدۆزێتەوەو بە کارێکی درێژخایەنیش بەختەوەری خێزانی زیاتر مسۆگەر دەبێت. لە یاسای خێزانیدا پێویستە ئەوە دەستنیشان بکرێت کە ژنان مافی ئەوەیان هەبێت بە ئارەزووی خۆیان هاوسەرگیری بکەن، دوور بن لە بەزۆربەشوودان، مافی تەڵاق و جیابوونەوەیان هەبێت و لە کاتی واشدا منداڵ بەپێی توانای دارایی دایك و باوك بەخێو بکرێت. نەك بە زۆر تەنیا بە باوکی بدرێت. یاسا دەبێت بەرژەوندیی منداڵەکە ڕەچاو بکات، نەك نەریت و کەلتوور. هەروەها پێویستە یاسا لە دژی نەریتی فرەژنی بێت، کە سەدان کێشەی کۆمەڵایەتی لێدەکەوێتەوە.

**گوڵان: دیارە گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە ئایین و ئایینزاکانی کۆمەڵگەی ئایینیدا کارێکی دژوارە، گەر واز لەو ڕەهەندە بێنین، چ ڕێکارێکی دیکە هەیە کە بتوانێت مافی ئافرەتان لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەستەبەر بکات؟**

د. ئازاد مورادیان: وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە کارێکی ئاسان نییە، بەڵام وەك سەرەکیترین ڕێکار پێویستە پێشەکی گۆڕانکاری لە ئەندێشە و فکر و بۆچوونی پیاوان بەرامبەر بە مافی ژنان بکرێت، دەبێ ئەوەش بزانین کە پیاوان وەك نیوەی کۆمەڵگە کە مەنفەعەتی تایبەتیی خۆیان لە چەوساندنەوەی ژناندا دەبینن، بەئاسانی دەست لەو دەسکەوتەیان هەڵناگرن. پیاوان هەموو تایبەتمەندی ژیانیان لەباری جەستەیی، دەروونی، خوشگوزەرانی هەروەها پایەو پلە و دەسەڵات و پارەیان، لە داگیرکردنی مافی ژناندا دیوەتەوە. بۆیە ژنانیش دەبێت وەك چینێك کە لە مێژوویەکی دوور و درێژ لە تواناکانی خۆیان کەڵکیان وەرنەگرتووە، بۆ دەستەبەرکردنی مافە زەوتکراوەکانیان بێنە مەیدان و کاری بەردەوامی بۆ بکەن.



## ژنانی ماڵەوە بەهۆی نەبوونی ئابوورییەکی سەربەخۆ زۆرجار توندوتیژی بەرامبەریان قبووڵ دەکەن

**گـولآن: بۆ ئەوەی یەکسـانیی ژن و پیاو لە مافەکانیاندا بەرجەستە بکرێن، لە رووی زانستی دەروونناسییەوە وەك پسـپۆڕێك لەو بوارەدا، چ ڕێکارگەلێـك بـۆ گۆڕانکاری لە سیسـتمی راهێنانی تاك و کۆمەڵگە پێشنیار دەکەیت؟**

د. ئازاد مورادیان: سـایکۆلۆژی وەك زانستێك تایبەتمەندی دەخاتەسـەر تاکەکەس و باوەڕی بە گۆڕانکاری تاکەکەسـی هەیە، بەڵام کاتێك ئایین، کەلتوور، باری ئابووری و کومەڵایەتی، هەروەها سیاسی کۆسپ دروست بکەن، دەبینین بـە گۆڕانکاریـی تاکەکەسـی گۆڕانکاریی بەرچاو لە کۆمەڵگەدا نایەتەئاراوە. لەو دۆخەدا تاك تەنانەت خەونەکانیشـی پشـت بەو نەریتە چەسپاوانەی ناو کۆمەڵگەکە دەبەستێت.

سەبارەت بە گۆڕانکاری لە سیستمی راهێنانی تاك و کۆمەڵگەش، پێویستە پێشەکی ئامانجی بەرپرسـانی سیاسـی و کاربەدەسـتانی وڵات گۆڕانکاریی ئەرێنی لە کۆمەڵگەدا بێت، گەر ئەو ئامانجەیان هەبێت، ئەوا بێگومان کاریشـی بۆ دەکەن و بە پلانێکی درێژخایەن سیسـتمی فێرکردن و بارهێنـان و راهێنانی تاك دەگۆڕن. دیارە مەبەست لە گۆڕانکاریی ئەرێنی گەڕانەوە بۆ سیسـتمە کۆنەکان نییە، بەڵکو هەنگاونانە بەرەو سیستمێکی نوێ کە لەهەموو بوارێکدا دان بە یەکسانی هەر دوو رەگەزی (نێر و مێ)ی ژن و پیاودا بنێت. ئەوەش لە بونیادەوە دەبێت کاری بۆ بکەن، واتە هەر لە قۆناغەکانی سـەرەتای خوێندنەوە، قوتابخانە دەبێـت ناوەندێك بێت کە کوڕانی قوتابـی فێربکات ڕێز بۆ کچان دابنێن و ئەوان وەك مرۆڤێکی هاوسـەنگ و هاوشانی خۆیان چاوی لێ بکەن، هەروەها دەبێت هەر دوو رەگەزەکە لە مەترسییەکانی توندوتیژی بەرامبەر بە یەکدی لە هەموو روویەکەوە ئاگادار بکەنەوە. تا منداڵ بزانێت توندوتیژی جەستەیی، دەروونی چییە و کاریگەرییە نەرێنییەکانی دەمارگیری، بێ بایەخکردنی یەکـدی، بەگژیەکتردا چوون و بەکارهێنانـی توندوتیژییان بۆ روون بکەنەوە. هـاوکات دەبێت لە سیسـتمی نوێی پەروەردەدا منـداڵ فێری ئـەوە بکرێت کە بە پاڵپشـتی یاسـا بەرگری لە مافی خۆی و کەسایەتیی خۆی بکات، کە لەم کاتەدا پێویسـتە پێشـتر پڕۆژەیاسـایەك بۆ ئەو بەرگریکردنە پەسـەند کرابێت و یاسایەك هەبێت. هەروەها لەو سیستمە نوێیـەدا دەبێت لـە تایبەتمەندکردنـی کار و پیشـە بو ژنان و پیـاوان دووری بکرێت، واتە پێویسـتە هەرکەسێك بەخواسـتی تاکەکەسی خۆی بەبـێ هیـچ جیاوازییەك پیشـەکەی هەڵبژێرێت و ئاسانکاریشـی بـۆ بکرێت. نەك بۆ نموونە پەرسـتاری و مامۆستایی بۆ ژنان و فرۆکەوانی و کەشتیوانی تەنیا بۆ پیاوان بێت. لە سیاسەتکردن و بەڕێوەبردنی وڵاتیش پێویستە هەردوو رەگەز رۆڵیان هەبێت.

**گولآن: ئـەی رۆڵی میدیـا و ڕێکخراوەکانی ناحکومی لـەو بوارەدا چییـە و دەبێت چی بکەن؟**

د. ئـازاد مورادیان: رۆڵی میدیـا لەو بوارەدا زۆر بەرچاوەو هیچی لـە قوتابخانەکان کەمتر نییە. میدیـا دەتوانێت بەهەموو چەشـنێك و بـە کەڵك وەرگرتـن لە تواناکانـی، لەهەموو روویەکـەوە زانیـاری و هوشـیاریی تەواو بە تاکی کۆمەڵگـە بدات، پێویسـتە لەڕێگەی فیلم و شـانۆوە بە گفتوگۆ لەگەڵ کەسـانی شـارەزا و زانایان یارمەتیی سیستمی پەروەردە بدات، تەنانەت لەو بوارەدا ریکلامی زۆریشـی بۆ بکات. رۆڵی ڕێکخـراوە ناحکومییەکانیش زۆر بەنرخە، کە بە پشتبەسـتن بە کەسایەتیی


### سەربەخۆیی ئابووری لەڕووی سایکۆلۆژییەوە ورە و هێزێکی باش بە ژنان دەبەخشێت

خۆبەخـەش و بەو پەیوەندییانـەی کە لەگەڵ خەڵکدا هەیانە، ببنەپاڵپشتێك بۆ ئەم مەبەستە، کە دەتوانن لە ئەزموونی سیستمی نێونەتەوەیی و دەسـتکەوتەکانی ئەوان کەڵك وەربگرن، ئەوە خاڵێکی زۆر گرنگە کە دەبێ پێش هەموو لایەك حکومەت رەچاوی بکات.

**گولآن: بێگومان باری ئابووریی سـەربەخۆی ئافرەتـان، کاریگەریـی بەرچـاوی لـە دەستەبەرکردنی مافەکانیاندا هەیە، لەو بوارەدا چ گۆڕانکارییـەك لەسیسـتمی ئابـووری - سیاسی کوردستاندا پێویستە بکرێت؟**

د. ئازاد مورادیان: ئەرکی سـەرەکیی دەوڵەتە کە هاوسـەنگی و یەکسانی لە دابینکردنی کار و پیشـە بۆ ژنان و پیاوان بەبێ جیاوازی دابین بکات. بێگومان ئەوەش لـە بەرژەوندیی خاوەن کار و بازاڕ و سـوودی خاوەن سەرمایەدا نییە، بەڵام پەرلەمان بەدەرکردنی یاسـایەکی تایبەت دەتوانێـت بەر لـە بێ عەداڵەتی لـەو بوارەدا بگرێت. حکومەتیش نابێت بێ پلان بێت، پێویستە بۆ بەهێزکردنی ژنان لە ڕێگەی کار و پیشەوە پلانـی هەبێت. چونکە سـەربەخۆیی ئابووری لـەڕووی سـایکۆلۆژییەوە ورە و هێزێکی باش بە ژنان دەبەخشـێت. ئەگەر سەیری کۆمەڵگە بکەیـن، دەبینیـن بەتایبەتی ژنانـی ماڵەوە بەهۆی نەبوونی ئابوورییەکی سەربەخۆ زۆرجار لەژیانیانـدا توندوتیـژی بەرامبەریان قبووڵ دەکەن. بەداخەوە نەك لە کوردسـتان، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتانی جیهاندا ڕێژەی ژنان لە ناوەندی بڕیاردانی سیاسیدا کەمە. تا کاتێك ڕێژەی ژنان لە کاروباری سیاسی و بەڕێوەبردنی وڵاتدا کەم بێت، توندوتیژی بەرامبەر بە ژن زۆر دەبێت. بە ئاوڕدانەوەیەك لە وڵاتانی ئیسـکاندیناوی، وەك (سـوید، فینلاند، دانیمارك و نەروێژ) دەبینین بەزیادبوونی ڕێژەی ژنان لەکار و باری سیاسی و ئابووریـدا ڕێژەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژن زۆر کەم بووە.

### پڕۆفایل:



**د.ئـازاد مورادیـان، لە شـاری سـەقز لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە دایکبووە، پزیشکی دەروونناسە و پسپۆڕیی لە کێشەی خێزانی هەیەو ئەندامی فەرمی ڕێکخراوی دەروونناسانی خێزانە لە ئەمریکا، نووسـەر و چالاکوانی سیاسی و مافی مرۆڤە و هاوکات راوێژکاری سایکۆلۆژیی سیاسییە. هەروەها بەرپرسی (کۆمیتەی کوردەکانی دانیشتووی ئەمریکا بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ لە ئێران)ـەو بەرپرسی رادیۆی ئینترنێتی دەنگی کوردی ئەمریکایە.**

# تۆماری تەڵاق لەناسنامەی ئافرەتاندا خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەکرێت

بەشـــێک لە هاووڵاتیان ئاماژە بەوە دەکەن کە تۆمارکردنی تەڵاق لە ناو ناسنامەی باری کەســـێتیی ئافرەتاندا کێشـــەی لێدەکەوێتەوە، هەندێک لە بێوەژنانیش بە سووکایەتی دەزانن، لە بەرامبەردا ڕایەک هەیە جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئافرەتی تەڵاقدراو نابێت شـــەرم لەو تۆمارکردنی تەڵاقە لە ناســـنامەی خۆیـــدا بکات و بە هێمای بوێری و خاوەن ئیرادەبوونی ئافرەتی هەژمار دەکەن.



ڕۆشنا مەگرون

## دەکرێ تەڵاقدراو بێوەژن بێت بەڵام هەموو بێوەژنێك تەڵاقدراو نییە

ئاواز جەلال کۆمەڵناســـی دوورەوڵات، خەڵکی هەولێرەو چالاکوانێکـــی بواری مافی ژنانە کە چەند ســـاڵێکە لـــە وڵاتی ئەڵمانیا دەژی، ئەو پێش هەموو شـــتێك بە پێویســـتی دەزانێت، بێوەژن و ئافرەتـــی تەڵاقدراو وەك خۆیان پێناســـە بکرێت و لەوبارەیـــەوە دەڵێت «هەموو تەڵاقدراوێك دەکرێ بێوەژن بێت، بەڵام هەموو بێوەژنێك تەڵاقدراو نییە، بەتایبەتی لە وڵاتانی گیرۆدەی شەڕدا ژمارەیەکی زۆر لە ژنان بە هۆی کوژرانی هاوســـەریان بێـــوەژن دەبن، هەروەها زۆر جار بەهۆی نەخۆشـــی یان کارەساتێك پیاوێك کۆچی دوایی دەکات و هاوسەرەکەی بێوەژن دەبێت، بۆیە بێـــوەژن تەنیا ژنی تەڵاقدراو نییە، زۆر ژنی تەڵاقدراویش هەن کە دووبارە ژیانی هاوسەری پێکدەهێنن و جارێکی دیکە دەبنە خاوەن هاوسەر و ئیتر بێوەژن نین».

ئەو کۆمەڵناسە دوای ئەو جیاکارییەی لە بارەی بێوەژن و ئافرەتی تەڵاقدراو، ســـەبارەت بە تۆمارکردنی تەڵاق لەناو ناســـنامەی باری کەســـیدا، هێما بۆ ئەوە دەکات کە «لـــە وڵاتانی زۆر دواکەوتووی دونیاداجیابوونەوەی هاوســـەران تەنیا لە نفووســـی ئافرەتدا تۆمار دەکرێت، هەر بۆ نموونە لە عێراقدا لە ناســـنامەی باری کەسیدا تەنیـــا بۆ ژنـــی تەڵاقدراو، یان ژنێك کـــە بە ئیرادەی خۆی تەڵاقی وەرگرتبێت، لە نفووســـەکەیدا دەنووسرێ موتەڵەقە. بۆ هەردوو ڕەگەزیش تەنانەت جۆری دیانەت و ئایینەکەشـــیان دەنووسن. بەڵام بەگشتی تۆمارکردنی تەڵاق لە ناو ناســـنامەی ژندا لە وڵاتێکی لەو جۆرەدا کارێکی جگە لەوەی زۆر هەڵەیە، نەشیاویشـــە، چونکە هوشیاریی تاك لەو ئاستەدا نییە، کە بە چاوێکی سووك سەیری بێوەژن، یان تەڵاقدراو، یان تەڵاقوەرگرتوو نەکات، زۆر جار یەکێك لەوانە لە مامەڵەی فەرمانگەیەکدا، یان لە کاتی نیشاندانی ناسنامەی لە پرسگەیەکدا، وایکردووە چەندین پرســـیاری تایبەت بە ژیانی لێبکرێت، ئەوەش کاریگەریی دەروونی زۆر خراپ دەکاتە سەریان». ئاواز جەلال زیاتر گوتـــی «زۆر بەداخەوە بۆ ئەوانەی پێیان ئاســـاییە بەم بڕیارە هەڵەکانیان ئازاری دەروونی ژنانێك بدەن کە قەدەر و چارەنووســـیش بـــە خراپی مامەڵەی لەگەڵ کردوون، پێویستە ڕێگە نەدرێت یاری بە هەستی بێوەژنانی تەڵاقدراو یان تەڵاق وەرگرتوو بکرێت، چونکە ئـــەوان قوربانین و چیتر با نەبنەوە بە قوربانی، بۆیە بە پێویستی دەزانم لە ناســـنامەی ئەحوال مەدەنی نەك تەنیا تەڵاق بەڵکو دیانەتیش تۆمار نەکرێت».

## تۆمارکردنی تەڵاق سووکایەتی نییە

ڕۆشـــنا مەگـــرون، دەرچووی زانکۆی ســـتۆکهۆڵم و چالاکی بواری مافی مرۆڤ، ڕای پێچەوانەی هەیەو

ئەوەی بەسووکایەتی سەیری ژنی تەڵاقدراو دەکات، پێویستە ئاستی ژیری و ڕۆشنبیریی خۆی بەرز بکاتەوە





دکتۆر مستەفا شەمامی

بەمجۆرە دیدگای خۆی لەمەڕ تۆمارکردنی تەڵاق لە ناسنامەی ئافرەتاندا بۆ گوڵان دەخاتەڕوو:

«وەک ئافرەتێکی کورد نووسین و تۆمارکردنی تەڵاق لە ناسنامەی ئافرەتاندا بە سووکایەتی دانانێم، چونکە وشەی تەڵاق پێناسەی باری کۆمەڵایەتی ئەو ئافرەتە دەکات، وەک تاکێکی کۆمەڵگە کە بەهۆی بارودۆخی جیاوازیی ئەو خێزانانە یاخود ڕێکنەکەوتنی ئەو دووهاوسەرە لەسەر چۆنێتی پێکەوەژیان و چەندین گیروگرفتی جۆراو جۆر، بە ناچاری پەنا دەبەنە بەر تەڵاق بۆ کۆتایی پێهێنانی گیر و گرفتەکانی ئەو ژیانە هاوسەرییە».

ڕۆشنا کە خەڵکی سلێمانییەو ئەزموونی وڵاتانی ئەورووپیشی هەیە، دەڵێت «وشەی تەڵاق لەوانەیە زۆر کات بەبیرهێنانەوەی ئەزموونێکی سەرنەکەوتووی ژیانی ئەو ئافرەتە بێت، بەڵام هەندێک کات سەلماندنی بەتوانایی ئەو ئافرەتە دەردەخات کە توانیویەتی بڕیارێکی سەخت بدات و بۆ گۆڕینی ژیانی بەرەنگاری چەندین کۆسپ و تەنگ وتیژی بوویێت»، گوتیشی «ئێمە ئەمڕۆ لەسەردەمێکدا دەژین کە ئافرەت خاوەنی بڕیاری خۆیەتی و لە هەمانکاتدا زۆربەی ئافرەتانی کۆمەڵگەی ئەمڕۆ، شان بە شانی پیاوان بژێوی ڕۆژانەی خێزانەکانیان دابین دەکەن، هەر ئەوەش بۆتە پاڵپشت بۆ ئافرەتان کە زوڵمی پیاوسالاری قبووڵ نەکەن، لەکاتی چارەسەر نەبوونی کێشەی خێزانیش بوێرانە داوای جیابوونەوە و تەڵاق بکەن، کەواتە بۆ لایان شەرم بێت کە لە ناسنامەکانیاندا بنووسرێت؟».

### تۆماری تەڵاق لە ناسنامەی کچاندا کە تەنیا دەزگیراندار بوون کارێکی نارەوایە

ڕۆشنا مەگرون، سەرەڕای ئەوەی وەرگرتنی تەڵاق لەلایەن ئافرەتانەوە بە بوێرییەک دەزانێت کە لە دەستی هاوسەرێکی نەشیاو ڕزگاری بووە، بۆ خودی ئافرەتەکەش بە «گەورەترین سەرکەوتن»ی هەژمار دەکات، هاوکات ڕەخنەی جددیشی هەیە و لەوبارەیەوە دەڵێت»تەنیا من لە یەک حاڵەتدا پێم باش نییە تەڵاق لە ناسنامەی کچان تۆمار بکرێت، ئەویش لەکاتێکدا کە ئافرەت دوای مارەکردن، نەقڵی خانە دەبێت و پێش دروستکردنی ژیانی هاوسەری جیادەبنەوە. کە بەداخەوە بۆ کچەکە دەنووسرێت موتەڵقە، هەرچەندە تەنیا دەزگیراندار بووە. ئەوە بەلای منەوە هیچ دروست نییە».

### پێویستە مارەکردن و تەڵاقیش لە ناسنامەی باری کەسیدا بەفەرمی تۆمار بکرێن

دکتۆر مستەفا شەمامی، وەک کەسایەتییەکی ئەکادیمی کە دانیشتووی وڵاتی ئیسپانیایە، سەبارەت بە هەمان پرس بۆ گوڵان دەڵێت: «لەبواری عورفی و حقووقییەوە، نووسینی تەڵاق لە پێناسەی تاکەکاندا، پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە، چونکە هەروەک لەکاتی هاوسەریدا، دەبێ ئەو حاڵەتە کە دوو کەس لەسەر داخوازیی خۆیان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بە فەرمی تۆمار بکرێت و تەنانەت مافگەلێکیش لەبواری مارەیی بۆ ژن دەستنیشان دەکات، سروشتییە کە لە حاڵەتی تەڵاقیشدا، چۆنییەتی دابڕانەکە واتە لێکجوێبوونەوەکەش قەید بکرێت، لەوەش گرنگتر دیاریکردنی وەزعی منداڵە، کە بەرهەمی دوو قۆڵی هاوسەرانە، کەوایە لەمەڕ ئەم گرنگییەیە کە دەبێ تەڵاق لە ناسنامەی تاکەکاندا بە هەموو وردەکارییەکانییەوە بنووسرێت، واتە لەم حاڵەتەدا دەبێ ستاتۆی ژن و پیاوەکە هاوڕێ دەگەڵ چارەنووسی منداڵەکان و سەرپەرشتی دوای جوێبوونەوەی دایک و باوکیان و گشت مافەکانی پەیوەندیدار بۆ حەوانەوەی منداڵەکان و هەروەها مافی سەردانی منداڵەکان لەلایەن دایک، یان باوکەوە دیاری بکرێت، لە ناسنامەش نووسینی تەڵاق سووکایەتی نییە و ئەوەی بە سووکایەتی سەیری ئەو پرسە و ژنی تەڵاقدراو یان تەڵاق وەرگرتوو دەکات، پێویستە ئاستی ژیری و ڕۆشنبیری خۆی بەرز بکاتەوە».

### سوود وەرگرتن لە یاساکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا

تۆڵە مەهدی خۆشناو وەک ڕۆژنامەنووسێکی خاوەن ئەزموون، تۆمارکردنی تەڵاق لەناو ناسنامەی باری کەسی ئافرەتاندا ڕەتدەکاتەوەو ڕای وایە «پێویستە سوود لە نموونەی یاساکانی وڵاتانی ڕۆژئاوا وەربگیردرێت، بۆ ئەوەی بزانن لەڕووی یاساییەوە ئەوان چۆن چارەسەری ئەو ڕەوشەیان کردووە». گوتیشی «سووکایەتی بە ژنانی کورد لە ناو دەقە یاساکان و دامودەزگای وڵات تەنیا لەوەندە ڕاناوەستێت، زۆر سەرپێچی و ماف پێشێلکردنی زەقتر و گەورەتر هەیە کە بەرامبەر بە ژنی کورد دەکرێت».

ئارام شوانی، گەنجێکی کەرکووکییە و دانیشتووی ئەمریکایە و بە نیگەرانییەوە دەڵێت «ئێمە لە کوردستان لە بواری مافی ئافرەت زۆر لە دواوین، وەکو دەیبینم، شتێکی زۆر ناڕێک و ناشارستانییە ئەگەر لەناو ناسنامەی ئافرەتی تەڵاقدراو بنووسرێت موتەڵەقە یان Divorce، چونکە لە چەندین ڕووەوە کێشەی بۆ دروست دەکات، چونکە تەڵاقدراوان لای پیاوانی کورد بەتایبەتی و لە کۆمەڵگەی کوردی بەگشتی جێگەی پەسندکردن نین و بایەخیان پێ نادرێت، ئەوەش بۆ خودی ئافرەت زەرەر و زیانێکی گەورەی کۆمەڵایەتییە، بەداخەوە دەڵێم ئێمە لە کوردستان بۆ دواوە دەگەڕێینەوە بە پێچەوانەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی دنیا، تەنانەت ئافرەتێکی بێوەژن یان تەڵاقدراو کە کاری بە فەرمانگەیەک بێت، گەر بزانن تەڵاقدراوە، بەچاوێکی دیکە سەیری دەکەن، زۆر بە کەمی ئافرەتانی تەڵاقدراویش ئیرادە و توانای ئەوەیان هەیە جارێکی دیکە هاوسەرگیری بکەن و ئەو تەڵاقە لە ناسنامەی خۆیان بسڕنەوە.

**تەڵاق سەلماندنی بەتوانایی ئافرەتە کە توانیویەتی بڕیارێکی سەخت بدات و تۆمارکردنیشی سووکایەتی نییە**

